## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# بەسەرهاتی ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی لە عێراق، پلەی سێیەم بەدەست دێنێت









فیلمی (Disney's A Christmas Carol) باس لەپیاوێکی پیری ڕەزیل و دڵڕەق دەکات؛ ڕووبەڕووی دێوەکانی جەژنی لەدایکبوون دەبێتەوە، کە ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتوی بۆ لێدەدەنەوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی تۆزێك سۆز و نەرمی بخەنە دڵی پیاوە پیرەکەوە، و لەجەژندا خۆشی جەژن دەربڕێت و کەمێك پارە خەرج بکات. فیلمەکە لە چوارچێوەیەکی کۆمیدی پەروەردەیی ساکارە، بە ماوەی تەنها سێ ڕۆژ توانی ٣١ ملیۆن دۆلار کۆ بکاتەوە و پلەی یەکەمی پڕ داهاتترین فیلمی ئەمەریکا بەدەست بێنێت.

فیلمەکە لەدەرهێنانی "ڕۆبێرت زیمێکس" و پاڵەوانێتی ئەکتەری کۆمیدی بەناوبانگ "جیم کاری" و بە بەشداری کردنی "ستیڤ ڤالنتاین، داریل سابارا، ڕۆبین بۆتیتا".فیلمی سێیەمی ئەم هەفتەیە (The Men Who Stare at Goats) بەکۆکردنەوەی زیاتر لە ١٣ملیۆن دۆلار ئەم پلەیەی بەدەست هێنا.. فیلمەکە باس لەرۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی دەکات کە بەکارێکی دەزگاکەی دێتە عێراق و لەوێش "لین کاسیدی" دەناسێت ئەم کابرایە سەربازێکی پێشوو بووە لە هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، ڕۆژنامەنووسەکە تێدەگەیەنێ کەوا پاڵەوانێکی ناسراو بووە لەکاتی سەربازیدا، کە ئەمەش دووره لە ڕاستییەوە. فیلمەکە لە دەرهێنانی: "گرانت هیسلۆف" و پاڵەوانێتی ئەکتەری گەورەی هۆلیود "جۆرج کلۆنی" و "ئایان ماگریگۆر، جیف بریدگس، کیڤن سپیسی، ستیڤن لانج، ڕۆبیرت پاتریك. ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- (Disney's A Christmas Carol) ٣١،٠٠٠ملیۆن$، کۆی داهات: ٣١،٠٠٠ملیۆن$، بەیەك هەفتە

2- (This Is It Michael Jackson's) ١٤،٠٠٠ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٧،٨٥٥ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشو:١

3- (The Men Who Stare at Goats) ١٣،٣٠٩ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،٣٠٩ملیۆن$، بەیەك هەفتە

4- (The Fourth Kind) ١٢،٥٢١ملیۆن$، کۆی داهات: ١٢،٥٢١ملیۆن$، بەیەك هەفتە

5- (Paranormal Activity) ٨،٦٠٠ملیۆن$، کۆی داهات: ٩٧،٤٣٠ملیۆن$، بە٧هەفتە، پلەی پێشو:٢

6- (The Box) ٧،٨٥٥ملیۆن$، کۆی داهات: ٧،٨٥٥ملیۆن$، بەیەك هەفتە


7- (Couples Retreat) ٦،٤٢٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ٩،٩٨٠ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

8- (Law Abiding Citizen) ٦،١٧٢ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٨٧٣ملیۆن$ بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٣


9- (Where the Wild Things Are) ٤،٢٢٥ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٢٦٨ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٥

10- (Astro Boy) ٢،٥٨٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥،٧٣ملیۆن$، بە٣هەفتە، پلەی پێشو:٧

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی







## دەرهێنەر باخوس عەلوان بۆ گوڵان:

# لە لوبنان تا ئێستا پیشەسازی سی

***باخوس عەلوان یەکێکە لە دەرهێنەرە لوبنانییەکان کە کارەکانی مایەی مشتومڕ و گفتوگۆی زۆرن لەنێو لوبنانییەکان، چونکە لە شێوازی کارکردنەکەیدا جۆرێك لە کرانەوە هەیە کە هەندێك کەس پێیان زیاد لە پێویستە یاخود هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، بەتایبەتی لە فیلمێکی سینەمایی کە خۆی زیاتر ئەرکی بەرهەمهێنەری جێبەجیکاری تێدا دەبینی نەك دەرهێنەر و کار گەیشتە ئەوەی کە ڕێگا لە نمایشکردنی بگیرێت. تەنانەت لە کلیپەکانیدا زۆر کەس پێیان وایە نابێ تا ئەو ئاستەی ڕێگای پێ بدرێت، بەڵام ئەو دان بە هیچ هێڵێکی سوور دانانێت و پێی وایە دەبێ دەرهێنەری ئازادی تەواوی هەبێت لە کار کردندا بۆ ئەوەی بتوانێت داهێنان لە کارەکەیدا بکات و شتێکی جوان و نوێ پێشکەش بە جەماوەر بکات، باخوس عەلوان کە ئێستا بەڕێوەبەری کارەکانی هونەرمەند دوللی شاهینە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** سەرەتا حەز دەکەین لە نزیکەوە بتناسین؟**

- من دەرهێنەرێکی لوبنانیم هەڵگری بڕوانامەی باڵام لە دەرهێنانی سینەمایی، ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ پێشکەش کردنی نامەی دکتۆرا لە سینەما، تا ئێستا دوو فیلمی سینەماییم هەیە لەگەڵ چەندین کاری ریکلام و گۆرانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان بەتایبەتی خانمە هونەرمەند مەیادە ئەلحناوی و دۆللی شاهین و چەندانی تر.

*** زۆر جار گوێمان لە وشەی (کلیپە ئاست نزمەکان) دەبێت، دەکرێ وەك دەرهێنەرێك پێناسەیەکی ئەم جۆرە کلیپانەمان بۆ بکەیت؟**

- ئەم کلیپانە ئەوانەن کە لەسەر دوو ئاستدا نزمن، ئاستی یەکەمیان لایەنی تەکنیکییە واتە دەرهێنانێکی لاواز و وێنە و ڕەنگی زۆر خراپ کە بینەر زۆر ماندوو دەکات لە کاتی سەیر کردنیدا، هەروەها ئەم ڕەنگ و وێنەیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، لایەنی دووەم یان ئاستی دووەم پەیوەندی بە خودی هونەرمەندەکەوە هەیە واتە هەندێك لە هونەرمەندەکانی حەمام و ئەوانەی هونەرێکی سووك پێشکەش دەکەن، ئەگەر یەکێك لەم دوو ئاستەی باسم کردن لە کلیپدا هەبێت دەتوانین بڵێین کلیپەکە لە ئاستێکی نزمدایە.

*** باشە پێوەری (کلیپە ئاست نزمەکان) چییە کە بتوانین ئەو ناوەی لێ بنێین؟**



# نەمامان نییە

- وەك لە پرسیاری پێشوودا گوتم لایەنی تەكنیكی و خودی هونەرمەندەكە خۆی، پێویستە لایەنی تەكنیكی زۆر بە وردی لەبەر چاو بگیرێت و هونەرمەند و دەرهێنەر بە یەكەوە بتوانن كارێكی گونجاو پێشكەش بە بینەر بكەن كە سەرنجی رابكێشێت، هەروەها هونەرمەندیش دەبێ بەشێوەیەكی وا خۆی نیشان بدات كە جەماوەر دەیەوێ.

*** ئەی مەرجەكانی ئەو كلیپانە چین كە بتوانین بڵێین ئەم كلیپە سەركەوتووە؟**

-گۆرانییەكی خۆش كە لە ئاستێكی بەرزدا بێت لە هەموو رووەوە، دەرهێنەرێكی بە توانا و لێهاتووش كە بتوانێت چیرۆكێكی كورت لە شێوەی رۆمانێك پێشكە بە جەماوەر بكات و بینەریش تاموچێژێكی تایبەتی لێ وەربگرێت، بەجۆرێك كلیپەكەی والێبكات لەناو حاڵەتی گۆرانییەكەدا بژیت و بچێتە نێو ناوەڕۆكی گۆرانییەكەوە بە شێوەیەكی تەواو هونەری.

*** دەرهێنەر پێویستە چی لەبەر چاو بگرێت بۆ سەركەوتنی گۆرانییەكە؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەرهێنەر پێویستە بابەتی گۆرانییەكە واتە ناوەڕۆكەكەی لەبەر چاو بگرێت و بزانێت چ جۆرە سیناریۆیەكی بۆ دەدۆزێتەوە كە لەگەڵیدا بگونجێت، ئینجا دێتە سەر شێوە و روخساری هونەرمەند و تواناكانی ئەو هونەرمەندە( گۆرانیبێژە) لە كاری نواندندا، چونكە لە كلیپدا پێویستە گۆرانیبێژ توانای ئەوەی هەبێت نواندنیش بكات، لەسەرووی ئەمانەش هەموویان توانای دارایی بەرهەمهێنانی كلیپەكە زۆر گرنگە و دەبێ بە باشی لەبەرچاو بگێرێت.

*** پەیوەندی یاخود بڵێین لێك تێگەیشتنی نێوان هونەرمەند و دەرهێنەر رۆڵی چییە لە سەركەوتنی كلیپدا؟**

-ئەم پەیوەندییە یارمەتی دەرە بۆ سەركەوتنی كلیپ ، ئەگەر ئەو پەیوەندییە سەركەوتوو بوو ئەوا دەرهێنەرەكە سەركەوتوو دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەو پەیوەندییە وەك پێویست نەبوو ئەوا دەرهێنەرەكە سەركەوتوو نابێت، چونكە كلیپیش وەك هەر كارێكی دیكەی بە كۆمەڵە و پێكەوە بەستراوە، بۆ نموونە لە یاریی تۆپی پێدا تەنیا یەك هەڵەی بچووكی گۆڵچی یان یاریزانی هێڵی بەرگری دەبێتە هۆی ئەوەی تیپەكە هەمووی یارییەكە بدۆڕێنن ئەگەر تیپەكە باشترین یاریزانی هێڵی هێرشبردنیشی هەبێت، لێرەدا دەرهێنەر وەك گۆڵچییەكە وایە و هونەرمەندیش هێرشبەرە.

*** دەرهێنەر چۆن پشت بە هۆنراوە و ئاوازی گۆرانی دەبەستێت بۆ ئەوەی سیناریۆیەكی جوانیان لێ دروست بكات؟**

- ئەمانە هەموویان بە یەكەوە بەندن ( هۆنراوە و ئاواز و سیناریۆ ) بۆ نموونە ناكرێ من كلیپێكی كۆمیدی بۆ گۆرانییەكی رۆمانسی ئامادە بكەم و پێشكەشی جەماوەری بكەم، یان كلیپێك دروست بكەم كە چیرۆكەكەی خۆشی و شادی تێدا بێت كەچی گۆرانییەكە خەماوییە یان گۆرانییەكی خەمبارە، كلیپ گوزارشت لە حاڵەتی گۆرانی دەكات و پێویستە بە






هیچ شێوەیە ئێمەی دەرهێنەر لە بابەتەکە دەرنەچین.

*** ئەو هێڵە سوورانە چین کە پێویستە دەرهێنەر نەیانبەزێنێت لە کلیپ و فیلمەکانیدا؟**

- من بڕوام بە شتێك نییە بە ناوی ( هێڵی سوور)، بەڵام بڕوام بە تەکنیکی پێشکەوتوو و ڕاست و درووست هەیە، هەموو شتێکی ڕێگای پێدراوە لە چوارچێوەی تەکنیکی نوێدا، کاتێك لە ئەمریکا لە بواری دەرهێنان دەمخوێند یەکێك لە دەرهێنەرە جیهانییەکان پێی گوتم: هەر شتێکت بوێ بە بێ دوو دڵی ئەنجامی بدە، چونکە سینەما وا لە خەڵك دەکات خەون ببینن و هیوایان پێ دەبەخشێت و سینەما تاکە حاڵەتی جیهانییە کە هەموو هەستەکانی مرۆڤ دەپێکێت لە یەك کاتدا، بۆیە من سینەما بە شتێکی گەورە وەسف دەکەم ، بێگومان سینەما شتێکی زۆر گەورە و کاریگەرە لە سەر هەستەکانی مرۆڤ.

*** بەڕای تۆ دەبێ دەرهێنەری کلیپ تایبەتمەند و پسپۆڕ بێت لە بوارەکەی خۆی، یاخود دەرهێنەری سینەمایی و درامای تەلەفزیۆنیش دەتوانن ببن بە دەرهێنەری کلیپ و بە پێچەوانەشەوە؟**

-بەڕاستی مایەی نیگەرانییە کە ژمارەیەکی هەرە زۆری دەرهێنەرە عەرەبەکان سینەمایان نەخوێندووە، بۆیە ئەگەر لە درامادا سەرکەوتوو بن ئەوا لە کلیپ و سینەمادا سەرکەوتوو نابن یان بە پێچەوانەوە.

سینەما زانستێکە وەك پزیشکی و ڕۆشنبیری نەوەکانە، پێویستە لەسەر حکومەتەکان ڕێگا لەو کەسانە بگرن کە مۆڵەتی کارکردنی سینەمایان نییە بۆ ئەوەی کاری سینەما نەکەن، چونکە ئەوەی ئێمە لە سینەمادا پێشکەشی دەکەین بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە، دەرهێنەری ئەکادیمی و ڕۆشنبیر دەتوانێت چۆن دەرهێنانی کلیپ و دراما و سینەما بکات بێ ئەوەی تێکەڵیان بکات، چونکە وەك دەزانین هەر یەك لەم سێ بوارە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، ئەگەرچی جۆرە لێك نزیکبوونێکیش لە نێوانیاندا هەیە.

*** لە نێوان ڤیدیۆ کلیپ و فیلمی سینەماییدا تۆ لەکام بوار زیاتر خۆت دەبینییەوە؟**

- بێگومان من زیاتر لە سینەماوە نزیکم، چونکە هەر دەرهێنەرێك ئامانجی ئەوەیە کارێکی سینەمایی پێشکەش بکات، هەرچەندە ئێمە لە لوبنان تا ئێستا پیشەسازی سینەمامان نییە بۆیە ناچارین لە ڤیدیۆ کلیپەکاندا کار بکەین.

من لێرەدا لە سەنگ و گرنگی ڤیدیۆ کلیپ کەم ناکەمەوە، بەڵام من وەك هەر دەرهێنەرێکی دیکە هیوا و ئاواتی تایبەتی خۆم هەیە بۆ ئەوەی لە بواری سینەمادا کار بکەم، هەرچەندە زۆریش حەز دەکەم لە بواری ڤیدیۆ کلیپدا کار بکەم لەگەڵ هونەرمەندە بەرێزەکان ئەوانەی خاوەن گۆرانی خۆش و جوانن و جەماوەرێکی زۆریان هەیە.

*** لە ژیانی هونەری خۆتدا لە چ شتێك پەشیمانی؟**

- بێگومان هەندێك شت هەیە کاتێك مرۆڤ دوای ئەنجامدانیان بیری لێدەکاتەوە هەست بەوە دەکات وەك پێویست ئەنجامی نەداوە یان ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە ئەنجامی دابا باشتر دەبوو، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لێی پەشیمان بووەتەوە، چونکە شتەکە بەسەر چووە.

*** ماوەیەك باس لە فیلمێکی تۆ دەکرا گوایە کۆمەڵگای لوبنانی دژی ئەم جۆرە فیلمانەیە و دوورە لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ باسی ئەو فیلمەمان بۆ بکەی؟**

- فیلمەکە بەناوی (Help) بوو بەڵام لە دەرهێنانی من نەبوو بەڵکو من بەرهەمهێنەری فیلمەکە نەبووم، فیلمەکە هیچ شتێکی تێدا نەبوو کە بەو شێوەیە باسی لێوە بکرێت، تەنیا ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگای لوبنانیدا هەیە و هەموو کەسێك ناتوانێت یاخود حەز ناکات باسیان بکات ئێمە لە فیلمەکەدا گوزارشتمان لێیان کرد واتە فیلمەکە گوزارشتی لە بارودۆخی کۆمەڵگای لوبنانی دەکرد و هیچ زیادەڕۆییەکیشی تێدا نەبوو بەڵکو زۆر لە واقعەوە نزیك بوو، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتی بچووك گەورە دەکرێ بێ ئەوەی لە ڕاستییەکان بکۆڵنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من پێموایە کارێکی ئاسایی، چونکە کۆمەڵگای لوبنانی تێکەڵێکە لە کرانەوە و داخران و ئەوانەی بەشێوەیەکی داخراو بیر دەکەنەوە بێگومان دژی ئەو جۆرە فیلمانە دەوەستنەوە.

*** ڕاگەیاندن چ دەوری هەبوو؟**

- لەگەڵ ڕێزم بۆ ئێوە هەر ڕاگەیاندنە شتەکان گەورە دەکات وزۆر جار ڕاستیەکانیش دەشێوێنێ بۆ نموونە لەم فیلمەی کە باسم کرد هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن مەسەلەکەیان کردە بابەتێکی سیاسی کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە.

*** ئایا هونەرمەند جا گۆرانیبێژ بێت یان ئەکتەر مەرجی خۆیان بەسەر یۆدا دەسەپێنن؟**

- بێگومان هونەرمەندیش مەرجی خۆی هەیە بەتایبەتی ئەکتەرە کچەکان، چونکە تۆ ڕۆڵێکیان پێ دەسپێری لەوانەیە پێی ڕازی نەبن بەتایبەتی کە ڕۆڵەکە ئیغرا و سەرنجڕاکێشانی تێدا بێت و دوور نییە لە نیوەی کارەکە یان لە کاتی وێنەگرتندا بکشێنەوە، بەڵام لە کلیپدا گۆرانیبێژ خۆی دێتە لات و داوای کار کردنت لێدەکات.

*** دەرهێنەری کورد چۆن دەتوانێت سوود لە ئەزموونی ئێوە وەربگرێت؟**

- سەرەتا بە زانست، ئینجا بە کارکردن لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەو دەرهێنەرانەی کە شارەزاییەکی زۆریان لەو بوارەدا هەیە، یان خاوەن تواناو بەهرەیەکی زۆرن لە بواری دەرهێناندا بە هەموو شێوەکانییەوە، ئەوەی ئەمانەش بکات بێگومان دەگاتە ئاستی ئەستێرەکانی جیهانی دەنگ و ڕەنگ.



## فیلمێک دەربارەی عێراق بۆ ئۆسکار پاڵێوراوە



هەرچەنـدە ئـەو فیلمانەی دەربــارەی جەنگــی ئەمریکا لــە عێــراق لــە ماوەی ســێ ســاڵی رابردوودا بەرهەمهێنراون سەرکەوتنی بەرچاوی بازرگانییان بەدەست نەهێناوە، بەڵام بەم دواییە فیلمێکــی نــوێ بەرهەمهاتووە دەربــارەی ئــەم جەنگــە کەوا پێشــبینی دەکرێت ئەم رێچکە و رێسایە بشکێنێت. فیلمی (The Hurt Locker) کــە لــە دەرهێنانی دەرهێنەری ئەمریکی کاســریان بێگلۆیە، یەکێکە لەو فیلمانەی کە پاڵێوراوە بۆ بەدەســتهێنانی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی داهاتــوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فیلمەکە گرنگی زیاتری پێ دەدرێت و رەنگە ببێتە هۆکارێــك بۆ ئەوەی لە رووی بازرگانییەوە ســەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت لە هۆڵەکانی ســینەمای ئەمریکــی و جیهانی. پاڵاوتنی ئەم فیلمە لە لایەن ١٦ رەخنەگری سینەمایی ئەمریکییەوە هات کە فیلمەکە ســەرنجی راکێشــان و لــە رۆژنامەیەکــی ئەمریکیدا ئەمەیان بڵاوکــردەوە. فیلمەکە لە وڵاتی مەغریب وێنەی گیراوە و باس لە یاداشــتەکانی کۆمەڵێك لە ســەربازی ئەمەریکی دەکات کە لە یەکەیەکــی هەڵگرتنەوەی مین لــە عێراق کار دەکەن وچەند دیمەنێکی سەرنجراکێش و ئەکشنی تێدایە واش پێشبینی دەکرێت کە ناوی فیلمە پاڵێوراوەکانی ئۆســکار لــە رۆژی ٢٠١٠/٢/٢ رابگەیەنرێت .

## بلایک لایڤلی
## سادەیە لە ژیان و شاشە

کچە ئەکتەری ئەمریکی بلایك لایڤلی لە زنجیرەی (گۆسیپ گێرل) کە ئێستا وەرزی ســێیەمی نمایش دەکرێت ناسرا و ناوبانگی دەرکردووە، بلایك دەربارەی کەســایەتی خۆی دەڵێ: کەســایەتی من لە زۆر رووەوە نزیکە لە سیرینا کە من لە زنجیرەکەدا رۆڵی ئەو کچەم دەبینی و حەزم لە پۆشینی ئەو جلانەیە کە دەم پۆشی و وەکو ئەو سادە بم تەنانەت زۆر جار هەســت دەکەم من بە تەواوی گۆڕاوم بۆ سیرینا و بــە هەمان ئەو قۆناغانەدا تێدەپەڕم کە لە زنجیرەکەدا پێیدا تێپــەڕ دەبووم. لە لایەکی دیکــەوە بلایك بەم زووانە لەسەر شاشەدا دەردەکەوێت لە فیلمی (ژیانی تایبەتــی بیبا) لەگەڵ رۆبن رایــت بین، هەر لەبەر ئەوەی یەکەم هەنگاوی ناوە لە جیهانی سینەمادا ئێستا وێنەکانی بەرگی چەندین گۆڤاری بەناوبانگی جیهانی داگیر کردووە کە دوایینیان گۆڤاری ( ماری کلیر) بــوو، بلایك لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری ناوبراو دەڵێ: کاتێك تەمەنم سێ ســاڵان بوو دایکم منی برد بۆ قوتابخانە، چونکە دەبوایــە برایەکەم بچێتە قوتابخانە ئەویش نەیدەتوانی بچێــت بۆ قوتابخانە، بەڵام لەبەر ئەوەی مــن باڵایەکی بەرزم هەبوو دایکم بەرپرســانی قوتابخانەی وا تێگەیاند کە من تەمەنم شەش ساڵانیە، دواتر لە قوتابخانە وایانزانی من دووچاری هێواش گەشە کردنی عەقڵی بوومەتەوە بۆیە هەوڵیاندا من لە پۆلێکی تایبەت دانێن، بۆیە لەو کاتەی قوتابییەکانی دیکە خەریکــی خوێندن بوون من لە پۆلەکەی خۆمدا دەخەوتم، بەڵام لە کۆتاییدا دایکم منی لە قوتابخانە دەرهێنا.



## کلیپێکی هەیفا وەهبی نیو ملیۆن دۆلاری تێچوو

گۆرانی (انت تانی ) یەکێکە لە گۆرانییە نوێیەکانی گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی کە کلیپەکەی لە دەرهێنانی محەمەد سامییە و هونەرمەنــد تامر هجرس بەشــداری تێــدا دەکات،ئەم کلیپە بە یەکێك لە گرانترین کلیپەکان دادەنرێت لە نێو هونەرمەندە عەرەبەکان، چونکە بەرهەمهێنانی بری ٥٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی تێچووە و کاری مۆنتــاژی لــە لەندەن بۆ دەکرێــت هەرچەندە ماوەکەی تەنیــا پێنج دەقیقەیە و زیاتر لە فیلمێکی ســینەمایی کورت دەچێت دەرهێنەر محەمەد ســامی پشتی بە پاڵەوانانی فیلمی جیهانی (جەگی تەرواده) بەســتووە بۆ ئەوەی سوودیان لێ ببینێت لە رووداوەکانی کلیپەکە، هەیفا کە لەم کلیپەدا رۆڵی کچە جەنگاوەرێکی رۆمانی دەبینێت دەڵێ: ئەمە تەنیا کلیپێکی ئاسایی نییە بەڵکــو دەتوانم بڵێم زیاتر لە فیلمێکی جیهانی دەچێت کە محەمەد سامی ئەرکێکی زۆری کێشاوە بۆ سەرکەوتنی.

لە لایەکــی دیکــەوە هەیفا وەهبی خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشــداری کردن لە دووەم کاری سینەمایی دوای فیلمی (دکان شحاتە) لەگــەڵ دەرهێنەر ســامی رافــزە، بەڵام ئامادە نییە روونکردنــەوەی زیاتــر دەربارەی فیلمە کــە بدرکێنێ.



## هونەرمەند عیرفانی وەستا محەمەد:

# هەندێک لە برادەرانی بەرنامەی بەرنامە پێیان ناخۆش بوو بەشداری تێدا بکەم

***عیرفانی وەستا محەمەد ناسراو بە حەمە دەمبڵ چەندین کاری جوانی کۆمیدی پێشکەشی هونەری کوردی کردووە و توانیووتی خزمەتی بەرچاو بە هونەری کومیدیا بگەیەنێت و ڕۆڵکی باش لەو پێناوەدا ببینێت ئیستا یەکێکە لە ئەندامانی ستافی ( بەرنامەی بەرنامە) کە لە کەناڵی کوردسات پێشکەش دەکرێت، لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵان بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن.***

دیمانە: سۆران مارف کەریم Soran_marf1980@yahoo.com

*** بەشداری کردنی تۆ لە بەرنامەی بەرنامەندا چۆن بوو وە کی هاندەر بوو؟**

- لە راستیدا من حەزم کردووە لە زۆر بەرهەمی هونەریدا کار بکەم خزمەت بە هونەری کوردی بکەم ، کاك بەرزانی قاڵەی خەڵوز هات و پێی ووتم حەز دەکەم بەشداری بەرنامەی بەرنامە بکەیت و لەو بەرنامەیەدا ڕۆڵت هەبێت هەرچەند من پێشتر کاك بەرزانی قاڵەی خەڵوزم ئاگادار کردبوو کە من حەز بە بەشداری کردن لە بەرنامەی بەرنامە دەکەم، ئەویش کە هات پێی گووتم هەندێك لە برادەرانی بەرنامەی بەنامە پێیان پێیان خۆشەو هەندێکی تریان پێیان ناخۆشە و حەز ناکەن پاشان ووتی وەرە وێنەی بەرنامەکە بگرین ئیتر من کە چووم کاك مستەفا ئەحمەدم بینی و سوپاسی دەکەم کە باوەشی بۆ کردمەوە بۆ بەشداری کردنم لە بەرنامەی بەرنامەدا.

*** بۆچی هەندێك لە برادەرانی بەرنامەی بەرنامە رازی نەبوون بە بەشداری کردنی تۆ لە بەرنامەی بەرنامەدا؟**

- من کاتێك کە چوومە بەرنامەی بەرنامە ستافەکە هەندێك کێشەیان هەبوو منیش چووم بەشداریم کرد دواتریش هەندێکیش لەو برادەرانە چوونە دەرەوەی بەرنامەکە و وازیان هێنا.

*** تا چەند توانیووتە (بەرنامەی بەرنامە) بە ئاراستەیەکی باشتر بەریت و بینەرانی بەرنامەکە ئاسوودە بکەیت و تاچەند هەست بە سەرکەووتن دەکەیت ؟**

-من لە هەر شوێنێك کار بکەم هیوام کارکردن و خزمەتکردنی هونەرە و ئەوەی تا چەند من سەرکەوتووم ئەوا جەماوەر دەتوانێن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە ، کارکردن لەگەڵ ئەو ستافەدا جێگای شانازییە بۆ من، چونکە ئەو ستافە کەسانی بە تواناو خاوەن ئەزموونی زۆرن لە بواری هونەردا بە تایبەتی کارکردن لەگەڵ کاك بەرزانی قالەی خەڵوز کە زۆر هاوکاری منە لەو بەرنامەیەدا.

*** ئەو ئاستەنگانەی کە لە بەرنامەی بەرنامە هەبوون ئیستا هیچ لەو کێشانە ماون؟**

-نەخێر ئیستا هیچ کێشەیەك لە بەرنامەی بەرنامە نەماوە و بەرنامەکە زۆر بە باشی دەڕوات و لەوانەیە هەندێك لەو برادەرانەی ڕۆیشتوون بگەڕێنەوە ناو بەرنامەکە.

*** هونەرمەند مستەفا ئەحمەد لە دیدارێکی تایبەتی بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت (مەگەر بە قودرەتی قادر بەرنامەی بەرنامە بەرەو پێش بچێتەوە) تۆ دەڵێی چی ؟**

- ئەوە بۆچوونی خۆیەتی، چونکە سلێمانی بریتی نییە لە چەند هونەرمەندێك





خەڵكانی وا هەیە زۆر لە ئێمە باشترە من پێم وایە نەبەستراوە بەوەی كە تەنها چەند هونەرمەندێك دەتوانن بەرنامەیەك بەپێز بكەن یان پێشی بخەن، راستە ئەوان ئەزموونێكی زۆریان هەیە و بنیاتنەری بەرنامەكە بوون كە من تەمەنام دەكرد تا سەر خاوەنی بەرنامەكە بوونایە و كاریان بكردایە و منیش كارم لەگەڵیاندا بكردایە .

*** دیاریكردنی رۆڵەكانی خۆت لە بەرنامەی بەرنامە لە سەر خواستی تۆیە یاخود ئامادەكاری بەرنامەكە رۆڵت بۆ دیاری دەكات؟**

- ئەوەی راستی بێت كاك دكتۆر شێركۆ و كاك بەرزان رۆڵەكان دیاری دەكەن .ئەوەی بۆ من دیاری كراوە هەرگیز لاریم لێی نەبووە.

*** بەشداریت كرد لە فیلمی گەندەڵی چۆن بوو و مەبەستت لەم فیلمە بە گشتی چی بوو ؟**

- ئیمە لەو فیلمە توانیمان باس لە گەندەڵی بكەین لە زۆر لایەنەوە، هەروەها ئێمە ویستمان پەیامێك لەبارەی دیاردەی دزێوی گەندەڵی بخەینە روو و هەموومان هەوڵی بنەبڕكردنی ئەم دیاردە دزێوە بدەین، من وەكو ئەكتەرێك رۆڵم تیا بینی و كاك جوان بامەڕنی كاری دەرهێنانی بۆ كرد.

*** هەندێك پێیان وایە ئەو كارانەی بەرێزت زیاتر بۆ مەرامی بازرگانی كردن بە هونەرە نەوەك پەیام و مانا راستەقینەكەی هونەر خۆی ؟**

- من بڕوام وایە هەموو كارێك كە دەكرێت بۆ بازرگانییە و هەموو ئەو فیلمە جیهانییانەی كە دەكرێت زۆر سوودی ماددی بەو كەسانە دەگەیەنێت، تۆ فیلمێكی جیهانیت بینیووە بە بەلاش نیشان بدریت و پەخش بكریت.

بۆیە دەڵێم من ئەگەر بۆ بازرگانی كارم بكردایە هەفتەی جارێك بەرهەمێكم دەبوو من لە ساڵێكدا تەنها یەك كار ئەنجام دەدەم.

*** بەكارهێنانی هونەر بۆ مەبەستی بازرگانی چ ئەنجامێكی لێدەكەوێتەوە و هونەر بە چ ئاقارێكدا دەبات ؟**

- بڕوا ناكەم هیچ هونەرمەندێك لە رێگەی هونەرەكەیەوە دەوڵەمەند بووبێت، هەروەها باوەڕ ناكەم هونەرمەند بتوانێت لەڕێگەی هونەرەكەیەوە بژی .

*** بۆچی بەشداری لە دراما كوردییەكان ناكەیت؟**

-من حەز بە بەشداری كردن لە دراماكاندا دەكەم و زۆر جار دەرهێنەرەكانیش تەكلیفیان كردووم،بەڵام هەندێك لە ستافەكانیان پێی خۆش نەبووە من بەشداری لە دراماكانیان بكەم بۆ نموونە كە من چووم بەشداری بەرنامەی بەرنامەم كرد هەندێكیان پێیان خۆش نەبوو بەشداری بكەم بە هەمان شێوەش بۆ دراماكانە،ئەمە هەمووی بۆ ئەو ململانییە دەگەڕێتەوە كە لە ناو هونەرمەنداندا هەیە .

*** تۆ چۆن وەڵامی ئەو كەسانە دەدەیتەوە كە حەز ناكەن كاریان لەگەڵ بكەیت؟**

-من هونەرمەند بە گوڵێك دەشووبهێنم و هەر گوڵێكیش بۆنی خۆی هەیە. بەهەمان شێوە هەر ئەكتەرێكیش بینەر و ستایل و جەماوەی تایبەتی خۆی هەیە

***بۆ زیاتر كارەكانت كۆمیدین ؟**

-من زیاتر حەز بە كاری كۆمیدیا دەكەم هەروەها كاری تراژیدیاشم ئەنجام داوە، من پێم وایە خەڵك زیاتر دەتوانێت لە رێگەی كۆمیدیاوە لە پەیامە هونەرییەكەت بگات .

*** ئێمەی كورد توانیوومانە سوود لە كۆمیدیا وەربگرین بۆ گەیاندنی پەیامەكانمان؟**

- بەڵێ دەتوانم بڵێم تا رادەیەك ئێمەی كورد توانیوومانە سوود لە هونەری كۆمیدیا وەربگرین، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە كە خەڵك زۆر حەز لە كۆمیدیا دەكات .

*** بەشداری كردنت لە كلیپی منداڵانی هونەرمەند عەزیز وەیسی چۆن بوو ؟**

-رۆژێك كاك عەزیز وەیسیم لە سلێمانی بینی ووتی كاكە تۆم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەشداری كلیپەكەم بكەیت منیش خۆم حەزم كرد لە كلیپەكەدابەشداری بكەم ، لەبەر ئەوەی كارەكە بۆ منداڵە و زۆرتریش بینەری كارەكانی من منداڵانن و زۆریش حەزدەكەم خزمەتی بواری منداڵان بكەم، چونكە منداڵ پاكە، منداڵ راستگۆیە .ئەوە بوو كارەكە ئەنجام درا.

*** ئیستا بەرنامەی هونەریت چییە؟**

-ئیستا هەموو كاتی خۆم بۆ بەرنامەی بەرنامە تەرخان كردووە سەرقاڵی كاركردنم لەو بەرنامەیە و هیوادارم بتوانم دڵی جەماوەری پێخۆش بكەم.

***هیچ كاتێك لە سەر شەقام شوێنە گشتییەكان بەر تەعلیق توانجی خەڵكی نەبوویتەوە بەو پێیەی ئەوەی تۆ زیاتر كارەكانت كومیدین؟**

- هەتا ئیستا جگە لە خۆشەویستی خەلك تووشی هیچ كاردانەوە نەبوومەتەوە منداڵ هاتووە بەرەو پیرم باوك هاتووە بۆ لام ووتویەتی منداڵەكەم نەخۆشەو ئەیەوێت تۆ ببینی.

*** نازناوی حەمە دەبڵ چون بەسەر تۆدا سەپێنراوە، ئایا لەم نازناوە بێزار نیت؟**

-رۆژێك منداڵێك لەگەڵ دایكی بوو هاواری كرد دایكە ئەری وەڵڵا ئەوە حەمە دەم بڵە، كەچی دایكی لێی توورە بوو ووتی ووس بە .بە پێچەوانەوە من دەڵێم من حەمە دەمبڵی ئەو منداڵەم . سەبارەت بەوەی چۆن ئەو نازناوەم وەرگرت كاتی خۆی منداڵێك هەبوو دایك و باوكی نەبوو ماڵیان لە دارە سووتاوەكە بوو لە خۆشەویستیدا پێیان دەگووت حەمە كاتی كە قسەی دەكرد كەمێك قسەی دەكرد لەبەر ئەوەی ئەو هەتیوو بوو من زۆر حەزم دەكرد ئەومنداڵە بدوێنم، منداڵانی گەرەكیش بەو منداڵەیان دەگوت حەمە دەمبڵ منیش لە برگەیەكی بەرنامەی زەنگ خۆم ناونا حەمە دەمبڵ ئیتر لەو كاتەوە بەمن دەڵێن حەمە دەمبڵ.

من سوپاسی ئەو منداڵە دەكەم كە ئیستا گەورە بووە و من دەڵێم ئەو حەمە دەمبڵی ئەسڵە و هیچ كاتێك بەو نازناوە بیزار نابم.